همەوو خوێنەرانی نوێکراوەی ڕۆژانەی (OCHA) نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ هەماهەنگسازی و کاروبارە مرۆییەکان داوایان لێدەکرێت کە هەر زانیاریەك لەسەر ئاوارەکان هەیانە بیدەن بە ڕێکخەرانی (OCHA) یان ڕاستەوخۆ بینێرن بۆ iraqinfo@un.org. ئەم نوێکراوەی ڕۆژانە دابینکراوە بۆ هاوکاریکردنی ڕێکخەری ئیش و کارەکان. (OCHA) هیچ شیکارێکی نوێ دابین ناکات و تەنها ڕەنگدانەوەی ئەو زانیاریانەیە کە بۆ (OCHA) لەلایەن ئاژانسەکانی مرۆییەوە دابینکراوە.

## هەواڵە سەرەکیەکان

ئاوارەکان دەستیان کردووە بە گەڕانەوە بۆ کەمپی گەرماوە، کە پێشتر لە مانگی ئاب چۆڵکرابوو بە هۆی ڕەوشی ئەمنی. پاککردنەوەی ژینگەیی تەوالێتەکان و چاککردنەوەی سەکۆی ئاوەکان جێبەجێکراون تاوەکو بۆ ئاوارەکان کە نیشتەجێدەکرێن ئامادە بکرێت، لەوش زیاتر، پێداویستی پاککەرەوە و گاڵۆن دابەشکراون بۆ ئاوارە تازە گەیشتووەکان.

ڕێخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە ١٧٦٠ خێزانی تازە ئاوارەبوون لە ناوەوەی سەڵاحەددین بەهۆی پێکدادانی چەکداری لەنێوان حکومەت و گروپە چەککدارەکان. بەهۆی بەردەوامی ململانێ، پارێزگاکە دووچاری کەمی بەنزین و خۆراك و کارەبا بۆتەوە.

## بارودۆخی مرۆیی و کاردانەوەکان

### باشوور

#### بەسرا

بەگوێرەی ئامارەکانی وەزارەتی ئاوارەبووان و کۆچبەران، کۆی ژمارەی ئاوارەکان لە بەسرا گەیشتۆتە ١٢٦٧ خێزان. پارێزگاری بەسرا کەمپێکی بۆ ئاوارەکان لە باڵەخانەی تەواونەکراو کردۆتەوە، بە توانای لە خۆگرتنی ٥٠٠ خێزان، بە دووری ٥ میل لە بەسراوە. ڕێکخراوی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران هەڵساوە بە دابەشکردنی پێداویستی فریاگوزاری سەرەکی بۆ خێزانە ئاوارە نوێ یەکان و، بەهاوکاری لەگەڵ ئاژانسەکانی تر، هاوکاری پارێزگای بەسرا دەکات لە دانانی کەمپەکە. ئێستا ١٥٠ خێزانی ئاوارە لە کەمپە نوێیەکە ماونەتەوە. پارێزگای ناوخۆ لە بەسرا ڕۆژی دوو جار ژەمی گەرم بۆیان دابین دەکات.

### ناوچە جێناکۆکیەکانی سنوری ناوخۆ

#### دیالە

لە ٢٦ی ئاب، ڕێکخراوی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان نێردەیەکی جێبەجێکرد بۆ ئاوارەکانی کەمپی خانەقین: بەهاری تازی ( ٦١٧ خێزان یان ٤٦٢٦ خەڵك)، عەلیاوە (٩٦٧ خێزان)، و ئایدن (١٠٨٥ خێزان یان ٥٩٣٠ خەڵك) هەتا ئێستا، ڕێکخراوی کۆمیساری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران ٣٥٠ پێداویستی فریاگوزاری سەرەکی دابەشی سەر کەمپی ئایدن کردووە بۆ ئەو خێزانانەی کە لە قەزا بچووکەکانی جەلەوڵا و سعدیەن. نووسینگەی خانەقینی وەزارەتی ئاوارەبووان و کۆچبەران بەردەوامە لە دابەشکردنی کۆمەکی دارایی لە حکومەتی عێراق، ١ ملیۆن عێراقی. ICRC بەردەوامە لە دابینکردنی ئاو بۆ کەمپی کوردستان بە دوو تانکەری ئاو بۆ هەر ڕۆژێك. ڕێکخراوەکانی ناحکومی کۆمەڵگای مەدەنی ناوخۆ بەردەوامن لە بەڕێوەبردن و دابینکردنی دوو ژەمی ڕۆژانەی بەردەوام بۆ ئاوارەکانی سێ کەمپەکان، بەشێوەیەکی سەرەکی پشت دەبەستێت بە بەخشینەکانی کۆمەڵگای پێشوازی.هەروەها ڕێکخراوی ACTED هەڵساوە بە دابەشکردنی ماددەی خۆراکی لە جیاتی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی.

### ناوەند

#### ئەنبار

بەگوێرەی ڕێکخراوی UNAMI، قوتابخانەیەك کە ئاوارەکانی تێدا نیشتەجێیە لە شاری کوبەیسە ڕاپۆرتکراوە کە بە مووشەك هێرشی کراوەتە سەر و ژمارەی قوربانیان نەزانراوە. ئاوارەبوونی زیاتر لە ناوچەکە پێشبینی دەکرێ بەهۆی بەردەوامی پێکدادانەکان لە نێوان هێزەکانی عێراقی و گروپە چەککدارەکان.

#### سەلاحەددین

ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە ١٧٦٠ خێزان تازە ئاوارەبووینە لە ناوەوەی سەڵاحەددین بەهۆی پێکدادانەکان لە نێوان حکومەت و گروپە چەککدارەکان. بەهۆی بەردەوامی ململانێ، پارێزگاکە دووچاری کەمی بەنزین و خۆراك و کارەبا بۆتەوە.

## باکوور

### دهۆك

ئاسانکاریەکانی ئاو و خاوێنکەرەوە لە کەمپی خانکێ، کە تێیدا ٤٣ پێداویستی خۆشتن و ٤٣ تەوالێت بۆ ٣٥٠ خێزانی ئاوارە، لەلایەن یونیسێف بە کۆتا هێنراوە، بەهاوکاری لەگەڵ لێژنەی لێژنەی پەنابەری فەرەنسی (FRC).

یونیسێف، بە هاوکاری لێژنەی پەنابەرانی نەرویجی، ٧٠٠ کەل و پەلی ناو ماڵ و ٧٠٠ گالۆن و ٤٢٠٠ لیتری بوتڵی ئاو بۆ ٧٠٠ خێزان لە گوندی دێراوبوون دابەشکردووە.

لەگەڵ ئەوەشدا یونیسێف و هاوکارانی ١٢٣٠٠٠ لیتری ئاو و هەروەها ٤٢٤ گالۆن و ٢٥٦ پێداویستی ناوماڵیان لە کەمپی باجێت کەندەڵە و و قوتابخانەکانی ناو زاخۆ دابەشیانکردووە.

لە زاخۆ، ٥٤٩٠ خەڵك هاریکاریکراون بە پارچەی خۆراکی خێزانی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی، لە ڕێگەی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی بە هاوکاری ڕێکخراوی کاری دژی برسیبوون. چێشلێنانی مەیدانی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و دەزگای خێرخوازی بارزانی لە شەش شوێنی سەرتاپای دهۆك (لە باجێت کەندەڵە، لالش، سمێل، باتێل، خانکێ و شاریا) هاریکاری ١٠٣٠٩٠ خەڵکیان کردووە بە پێدانی دوو ژەمی گەرم ڕۆژانە.

لەگەڵ ژەمەکانی چێشلێنانی مەیدانیش، ١١٤٤٥ خەڵك هاریکاریکراون بە وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە لە باجێت کەندەڵە، و بە هاوکاری ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی دابەشکراوە لەلایەن دەزگای خێرخوازی بارزانی.

لە بەرمەنی (قەزای ئامێدی) ١٨٥٥ خەڵك هاریکاری کراون بە پارچەی خۆراکی خێزانی لەلایەن ڕێکخراوی خۆراکی جیهانی. هەروەها یارمەتیدەری ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی ACTED دەستەی ژووری چێشتلێنانی دابەشیکردووە کە بەخشراون لەلایەن فریاگوزاری بەریتانیا بۆ هەرخانەوادەیەك

### هەولێر

لە کەمپی گواستراوەی بەحرکە، ٢٧٠٠ خەڵك هاریکاریکراون بە دوو ژەمی گەرم کە لەلایەن چێشلێنانی مەیدانی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی و دەزگای خێرخوازی بارزانی هاریکاریکراون، ئەمە بێجگە لە ٦٠٠ پارچەی وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلە (ئامادەکراو بۆ خواردن بۆ خێزانەکانی ناو کەمپەکە، بڕێکی تەواو بۆ مانەوەی خێزانێکی پێنج ئەندام بۆ ماوەی سێ ڕۆژ) دابەشکراون.

لە عەنکاوە، لە شاری هەولێر، ٢٢٧٠ خەڵك هاریکاریکراون بە پارچەی خۆراکی خێزانی. دابەشکردن لە کڵساوە ئەنجام دراوە لەگەڵ لایەنی هاوکار ڕێکخراوی ACTED.

ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی ٣٦٠ پێداویستی کە خۆراك نین دابەشکردووە و ٧٠ پێداویستی ئافرەتان لەلایەن سندوقی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ دانیشتووان کە بریتی یە لە (پێداویستی خاوێنکەرەوە هەروەك جلی ژێرەوەی ئافرەتان) لە شاری هەولێر.

### موسڵ

لە کەمپی گەرماوە، ١٥٤٠ خەڵك بە پارچەی وەڵامدانەوەی خۆراکی بەپەلەی ڕێکخراوی پرۆگرامی خۆراکی جیهانی (بڕێکی تەواو لە خۆراك بۆ ماوەی سێ ڕۆژ بۆ یەك کەس) دابینکراوە، لە ڕێگەی هاوکاری دەزگای خێرخوازی بارزانی کە ڕێکخراوی ACTED.

ڕێکخراوی کۆچبەرانی نێودەوڵەتی ڕاپۆرتی کردووە کە ٢٧٨ خێزانی ئاوارە لە ناوچەکانی ناوەوەی موسڵ بۆ شاری موسڵ هەڵاتوون. خێزانە ئاوارە نوێ یەکان لە توند و تیژی هەڵدێن و داوای پەنابەرێتی دەکەن لە خانووەکانی کە بەم دواییە چۆڵکراوە بە هۆی ئاوارەبووانی تر لە موسڵ.

### کرکوك

ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران UNHCR ڕاپۆرتی کردووە کە لە دوو هەفتەی ڕابردوودا زیاتر لە ٢٥٠ خێزانی مەسیحی یان ١٠٠٠ کەس گەیشتوونەتە کرکوك. مەترانی کرکوك و سلێمانی، دکتۆر. جۆزێف تۆما بە ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران UNHCR ی ڕاگەیاند کە ٢٧٠ خێزانی مەسیحی لە قەزای حەمدانیە (موسڵ) ئاوارەبوونە و ناوچە مەسیحیەکانی تری نزیك موسڵ وەکو بەرتلە، قەرقوش، ئەلقوش و بەعشیقە. لە ڕاپۆرتێکدا ئاوارەکان هاتوون بۆ عەنکاوە لە هەولێر بەڵام نێردراون بۆ کەرکوك بەهۆی کەمی شوێنی حەوانەوە. ڕێکخراوی کۆمیسیاری باڵای نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەنابەران UNHCR شارەزایەکی WASHی نارد بۆ جێبەجێکردنی هەڵسەنگاندنی کەمپی ئاوارەکان لە لەیلان.